ئەم بابەتە وانەیەکی (م.محمدرافع)ە لە بەرواری2013/12/28 لە هەولێر گووتراوەتەوە لەلایەن قوتابیەکانی نووسراوەتەوە و بڵاو دەکرێتەوە.

**سەرەکیترین ئامانج لە بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی ئیمان هێنانە، نەخشەی قیرائەکردن و بیردۆزی قیرائەکردن بە کۆمەڵێك قۆناغ تێدەپەڕێت، ئایا کۆڵەگەی ناسینی خودا چییە ؟ و ڕۆڵی مەخلوقات لە ناسینی خودا چییە؟ پێویستە خودا بەم شێوەیە بناسین کە خودای ڕەحمان خۆی نەخشەی لۆ داناوە**

**ئادەم چۆن فێڵی لێکرا؟**

**ئایا دەکرا ئادەم فێڵی لێ نەکرێت و چۆن؟**

**نەتەوەکان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانیان ئایاتیان لۆ هات**

**بەڵام هەڵنەستان قیرائەی بکەن، ئەنجامیان بەچی گەیشت؟ ناسینی خودای خالق ئاسانترین و خێراترین ڕێگەو بێ مەسرەفترین و کەمترین کۆششی دەوێت**

**ئەو ئایاتانەی کە پێغەمبەران هێناویانە بۆ بڕواهێنان بە پێغەمبەرانە**

**یان بۆ ئیمانهێنانە بە خودای ڕەحمان؟**

**ماناکانی (اقرأ) و دەرگەیەك بۆ ناسینی خالق و ئیمانهێنان**

**قیرائەکردنی مەخلوقات چۆن ئیمان بە هەموو ناوە پیرۆزەکانی خودای ڕەحمانمان**

**لۆ بینا دەکات؟**

**ئەگەر هەوڵدرا وێنەیەکی هەڵمان بۆ دروست بکرێت چۆن مامەڵە دەکەین؟ ئیشی پێغەمبەران تەنیا ڕاستکردنەوەی وێنە بە هەڵەگیراوەکانی مەخلوقاتە بۆ بەشەرییەت لە ڕێگەی قیرائەوە**

**پرسیاری گرنگ ئەوەیە کەوا چۆن کرداری قیرائە ئەنجام دەدەین؟ شەوێك لە قیرائەی بە کردارییانە،**

**خودای ڕەحمان تەنیا دوو ناوی تاکی هەیە لە قورئاندا**

**وشەی (نِعْمَة) و (نَعْمَة)مان هەیە هەریەکە مانای خۆی هەیە، خودای ڕەحمان وەك (رحیم)ێك بە ئێمە نەناسێنراوە،**

**سەرەکیترین ئامانج لە بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی ئیمان هێنانە**

مەزنترین بابەت لەسەر گۆی زەوی بریتییە لە ئیمان، و تەنیا ئیمانیش دەتوانێت مرۆڤ ڕزگار بکات و بە هانای بێت، لۆیە خودای ڕەحمان لە گشت قورئان کە باسی خەڵکی بەهەشت دەکات دەیبەستێتەوە بە ئیمان، هەر ئەو ئیمانەشە مرۆڤ ڕزگار دەکات لە ئاگری دۆزەخ، هۆکاری چوونە بەهەشتیش ڕەزامەندی خودایە(رضوان الله)(جل جلاله) ئەم ڕەزامەندییەش تەنیا بە ئیمان بە دەست دەهێنرێت، ئیمانیش بە (تقوی) فەراهەم دەکرێت، داینەمۆی ئیمانیش بریتییە لە (تقوی)، ئینجا ئەگەر هاتوو تەقوای حەق کرا ئەوا ئیمانی حەق بینا دەکرێتەوە، لەولاشەوە ئەگەر تەقواکە کەموکوڕی تێدا بوو، ئەوا ئیمانەکەش بە هەمان شێوە کەموکوڕی دەبێت.

کەواتە ئامانجی سەرەکی لە بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی ئیمان هێنانە، ئیمانیش سێ بنەما(رکن)ی سەرەکی هەیە لەلای ئێمە، بەگشتیش ئیمان پێنج بنەمای هەیە شەش نییە، کە سێ بنەمایان سەرەکین و دووەکەی دی پاشکۆیە ئەوانیش:

سێ بنەما سەرەکییەکانی ئیمان:

1- ئیمانهێنان بە خودا (الله)(جل جلاله).
2- ئیمانهێنان بە ڕۆژی دوایی (الیوم الآخرة).
3- ئیمانهێنان بە پێغەمبەران (الرسل)(علیهم السلام و البرکات).

دوو بنەما لاوەکییەکەی ئیمانهێنان:

1- ئیمانهێنان بە فریشتەکان(الملائکة).
2- ئیمانهێنان بە پەرتووکەکان(الکتب).

بڕوامان وا نییە بەشێك لە ئیمان هێنان بریتی بێت لە ئیمان هێنان بە قەزا و قەدەر(القضاء و القدر)، چونکە ئیمان بە قەزا و قەدەر دروستکراوی هزری ئیرجائییەکان(الفکر الإرجائیة)، کە ئوممەتی ئیسلامی تووشی ئەم بەڵا و تەنگانەیە هات، هزری ئیرجائییەکان هۆکارێکی سەرەکی سەرهەڵدانی چەمکی قەزا و قەدەر بوو، ئەوانیش بیرۆکەیەك بوون لە سەرەتاکانی چەرخی عەباسی دروست بوو، قسەیەك هەیە کەوا خەڵکی دووبارەی دەکەنەوە ئەویش: ئەوەی لە نێوچەوان نووسراوە دەبێ چاو ببیبنێت، ئێمە لەژێر کاریگەری کەسانی جیا لە خۆمانین، و گوایە لە نێوچەوانمان نووسراوە کەوا(شقي أو سعید) ئوممەتی ئیسلامی بە ملیۆنانی ئەم چەمکەی دەزانێت، کە ئێستا جێگەی درێژە پێدان نییە.

ڕێکەوتنمان وایە کە من بابەتی قیرائەکردن باس دەکەم و ئێوەش ئیشی لەسەر دەکەن، مەشق و ڕاهێنانی لەسەر دەکەن، لە دوای ڕهێنانی ئێوە لەسەری دوای هەفتەیەك ئینجا دێین و باسی ڕەهەندی دووەم باس دەکەین.

**نەخشەی قیرائەکردن و بیردۆزی قیرائەکردن بە کۆمەڵێك قۆناغ تێدەپەڕێت:**

یەکەم:

مرۆڤ قیرائەی مەخلوقات دەکات، کە لێرە باسی فەلسەفەی قیرائە دەکەین، کە نەچووینەتە نێو بابەت و ئایا ڕێسای قیرائە چۆنە؟ یان بیردۆزەکانی قیرائە لەسەر چ پابەندە، هەموو هزرێك دەبێ قۆناغبەندیی تێدا بێت، قیرائە لەسەر دوو کۆڵەگە دەوەستێت ئەوانیش:

وەك پێشەکییەك قیرائەی هەموو مەخلوقات، کە ئەویش وا دەکات مرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵ خودا(جل جلاله) پەیدا بکات، و خودای ڕەحمان بەم جۆرەی بناسێت کە خودا خۆی دەیەوێت، کاتێك خوداشی ناسی بەم جۆرەی، بە هەمان جۆریش مامەڵەی لەگەڵ خودای دەکات کە خودا دەیەوێت. کێشەی هەموو فەلسەفەی ئایینی ئیسلامی و کێشەی هزر و بیروباوەڕەکانی ناو ئایینی ئەوەیە مرۆڤ چۆن ویستوویەتی خودای بناسێت بەم جۆرە خودای ناسیوە! لەبەرئەمەشە پەرتووکەکانی عەقیدە (العقائد)مان زۆر زۆرە، جا عەقیدەی طحاویمان هەیە، عەقیدەی سەلەفیمان هەیە، جۆرەها شێواز عەقیدەمان هەیە، ئەمانەش هەموو قوتابخانەن و دەخوێندرێن، کە زۆربیان ئەمانە تێڕوانینی مرۆڤە لۆ چەمکی بیروباوەڕ(العقیدة)، بەم جۆرە تێیگەیشتووە و بەم جۆرەش بڵاویکردۆتەوە، بەڵام بابزانین ئاخۆ ئەمە چەندە لەگەڵ ویستی خودای ڕەحمان تێك دەکاتەوە؟ لە وەڵامدا دەبینین کەوا زۆر جیاوازی هەیە، لۆیە ئەو ئایینەی کەوا ئێمە پابەندین پێوەی، کە یەك ملیار و چوارسەد ملیۆن و زیاتریش کە بە بڕوای خۆیان سەر بەم ئایینە دەبینن، بەڵام ئەگەر نەمردبن ئەوا خەوتوون، ئوممەتێکن خەوتوونە! هەر لەبەر ئەمەشە کەوا هیچ بەرهەمێکی نییە، نە لۆ خۆی نە لۆ مرۆڤایەتی.

**ئایا کۆڵەگەی ناسینی خودا چییە ؟ و ڕۆڵی مەخلوقات لە ناسینی خودا چییە؟ پێویستە خودا بەم شێوەیە بناسین کە خودای ڕەحمان خۆی نەخشەی لۆ داناوە**

بەڵام ئایە بە چی هەڵدەستێتەوە؟ بەوەی کەوا سەرلەنوێ مەخلوقات بناسێت و سەرلەنوێ ئاشنایەتی لەگەڵ مەخلوقات بینا بکاتەوە.

لەبەرئەوەیە کەوا ئێمە کۆڵەگەی سەرەکیمان لۆ ناسینی خودای بریتییە لە مەخلوقات، بەهۆی مەخلوقاتەوە خالق دەناسین، لەبەرچی مەخلوقاتمان دەستنیشانکردووە؟ چونکە تەنها مەخلوقاتە دەبێ تا ڕۆژیی دوایی وەکو خۆی بمێنێت، لۆیە (رب العالمین) هەرچی ئایاتی خەلقکراوەکانە لە قورئاندا کردوویەتی بە ئایاتەکانی ئیمانهێنان، قورئانی مەککەیی لە ماوەی سیانزە ساڵ باسی ئایەتەکانی خەلقکراوەکان دەکات، ئەو ئایەتانەی کەوا ئێمە قیرائەی لەسەر دەکەین و دەیکەینە زەمینە لۆ خودا ناسین، تەنیا ئایەتەکانی (خەلق)ە کە قیرائەی تێدا دەکەین، لە ئایاتەکانی (جعل) قیرائە ناکەین، لەبەرچی ئایەتەکانی خەلقمان کردۆتە زەمینە؟ چونکە ئەو ئایەتانە گۆڕانکاری بەسەردا نایەت تا ڕۆژی دوایی، لەم کاتژمێر و خولەکەی کەوا (رب العالمین) خۆری خەلق کردووە ئەوا خۆر هەر بەم جۆرە دەمێنێتەوە، تا هەموو مەخلوقات تێکدەچێت، مانگ هەمان شتە، زەوی و باران و ئاو چیا هەمان شتن، چۆنی خەلق کردوون هەر لە یەکەم خولەك بە هەمان شێوە دەمێننەوە تاکو دوا

سات، کاتێك (رب العالمين) هەموو مەلەکوت دووبارە دەکاتەوە، کە پێیدەگووترێت ڕۆژی دوایی (يوم الآخرة)، ڕۆژی ئایین(يوم الدين)، ڕۆژی حیساب و کیتاب (يوم الحساب)، ڕۆژی هەڵسانەوە(يوم القيامة)، ئایەتەکانی مەخلوقات ئەو زەمینەیە کە ئێمە لەسەری دەوەستین، ئەوەی کە پێی دەگوترێت ئیمان و هۆکاری ئیمانهێنان، لۆیە لەلای ئێمە (عقائد) نییە، وەك باوە لە نێو پیرەکان دەڵێن ئیعتیقادی بەم جۆرەیە، کە مەبەستیان (عقيدة)یە، لەلای ئێمە وانەی (عقيدة) نییە، بەڵکو وانەی ئیمانییات هەیە، ئەو زەمینەیە کە ئیمانی لەسەر بنیات دەنرێت تەنیا مەخلوقاتە، لەبەرچی مەخلوقاتمان کردۆتە زەمینە چونکە وەك گوتمان تا ڕۆژی دوایی دەمێنێتەوە.

## دوو ڕەهەندەکەی قیرائەکردن چین؟

دوو جۆر قیرائەمان هەیە و لە دوو ڕەهەندەوەیە:

**یەکەم:** قیرائەی مەخلوقات بە گشتی کە خودامان پێ دەناسێنیت، ئینجا خودا چۆنە بەم شێوەیە خودامان پێ دەناسێنێت، واتا بە هۆی مخلوقات خالق دەناسین، کە خالیقە و (رب)ە و خاوەنیشمانە(صاحب)، خودای ڕەحمان کۆمەڵێك ناو و کردار(أسماء و أفعال)ی هەیە تەنیا لە ڕێگەی مەخلوقاتەکانیەوە دەناسرێت.

**دووەم:** ڕەهەندی دووەم لە قیرائە ئەوەیە کەوا دێین و قیرائەی خۆمان دەکەین، ئەویش دەبێتە دوو لق:

أ- یەکەم لق ئەوەیە کەوا ئێمە مەخلوقین و لە ڕەهەندی خەلقکرانمانەوە واتە وەك مەخلوقێك خەلقکراوین (البعد الخَلقي) وشەی (خَلق) بە (الفتحة).

ب- لقی دووەم لە ڕەهەندی ڕەوشتییە (البعد الخُلُقي) وشەی (خُلُق) بە (الظمة).

ئەوەی لەم دوو خاڵە هاتووە کاتێك خودای ڕەحمان لە سوڕەتی (العلق) دەفەرمووێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) ئەی لە ئایەتی دووەم چی دەفەرمووێت؟ وەڵامەکەی: (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ)، لە دوای ئایەتی یەکەم کاتێك گشت مەخلوقات قیرائە کرا و خودای ڕەحمان وەکو خۆی ناسرا، دوای ئەم کردارە دەبێ ئێمە خۆمان قیرائە بکەین وەك مەخلوقێك. هەرچی قیرائەی خۆمانە وەکو (خَلق) لە ڕووی خەلقکرانامان کە مرۆڤین و مەخلوقین، ئینجا دێین و قیرائەی ڕەوشت (خُلُق)مان دەکەین، دەپرسین لۆ بەم جۆرەینە وەکو مرۆڤێك، وشەی (إنسان) (65) جار لە قورئاندا دووبارە بۆتەوە، جا باسی ڕەوشتی مرۆڤ وەکو (خُلُق) دەکات، لۆ نموونە باسی: (هَلُوعاً) کراوە، هەروەها باسی (جَزُوعاً) کراوە، و باسی (لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ) کراوە، صیفەت هەیە لەقورئان وەکو پێوەر (رب العالمين) باسی ئێمە دەکات، ئێمە قیرائەی ئەمانە دەکەین کە ئایا تا چەند لەم خولوقە نەرێنییانەمان تێدا هەیە؟ کەواتە لە ڕێگەی مەخلوقاتەوە خودامان ناسی، و لە ڕێگەی سیفات و هەڵسوکەوت وڕەوشتیش خۆمان دەناسین. هزر و بیری ئیمان بەم دووە بەندە بینا کراوە و دەتوانیت خودای ڕەحمان لە خۆت ڕازی بکەیت، کلیلی بەهەشتیش بە (رضوان الله) بە دەست بێنیت، بناغەو بنچینەی ئیمانیش هەر ئەم دوو خاڵەیە، هیچ زەحمەتییێکی تێدا نییە و تەنیا مەشق و ڕاهێنانی دەوێت.

## ئادەم چۆن فێڵی لێکرا؟ و

## ئایا فیطرە فێڵی لێ دەکرێت؟

ئەگەر بێینە سەر هەندێك لایەنی بیردۆزەیی دەربارەی چەمکی قیرائە (إقرأ)، ئەویش یەکەم مرۆڤ کە خەلقکرا کێ بوو؟ ئادەم (عليه السلام) بوو، کە پیاوێك بوو وەکو ئێمە و خودا خەلقی کرد، پاشان (حواء)یشی خەلقکرد، پێویستە خودا(جل جلاله) خۆی چۆنە بەم جۆرەش بیناسین، خودا(جل جلاله) خۆی چۆنە ناوەکان(الأسماء)ی بەم جۆرەش فێریکردن. ئینجا ئایا چەمکی (أسماء) لە قورئان مانای چییە؟ ئینجا پاشان دەبێ خودا خۆی چۆنە بەم شێوەیە بیناسین، ئادەم بە فیطرەی خودای ناسیوە، بەڵام دەکرێ فیطرە ئیشی لەسەر بکرێت و جاروبار فێڵ لە فیطرەش دەکرێ، جا پرسیار ئەوەیە ئایا فیطرە چۆن فێڵی لێ دەکرێت؟ یان ئایا دەشێت فیطرە فێڵی لێبکرێ؟ بەڵام لە نێوان ئادەم و حەوا کۆمەڵێکی دیکەش هەبوون، ناویان فریشتە بوو، کۆمەڵێکی دیکە ناویان (جن) بوو، ئینجا فریشتەش هەبوون و جنیش هەبوون لە پێش ئادەم، هەردوو کۆمەڵەش ئادەمیان دەناسی، ئەم دوو توێژە توانستی بینینی دواڕۆژیان هەبوو، فریشتەکان فیلمی ژیانی مرۆڤەکان دەبینێت، و دەزانێت لەسەر زەوی چی دەکات، لەبەرئەوەش بوو گووتیان: (وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً قَالُواْ أَتَجْعَلُ فِيهَا مَن يُفْسِدُ فِيهَا وَيَسْفِكُ الدِّمَاء)(البقرة30)؟ جنیش بە هەمان شێوە، واتە ئێستا کەسێك هەیە ناوی ئادەم و یەکێك حەوا و فرشتەش

هەیە و جنیش هەیە، یەکێك لە جن فەرمانێکی پێکرا، بەڵام فەرمانەکەی جێبەجێ نەکرد! و بوو بە لایەنی ئۆپۆزسیۆن، (ئەم وشەیە تەنیا لۆ حاڵیبوونە)، ئەو دوو کەسەی کە خودای ڕەحمان بە دەستی خۆی خەلقی کردوون، لایەنی جن ویستی بیانکات بە لایەنگری خۆی، ئادەم ناوی لە قورئاندا هاتووە، بەڵام ناوی حەوا لە قورئان نەهاتووە، بەڵکو لە پەرتووکە پیرۆزەکانی دیکە هاتووە، بەڵام لە قورئان بە (زوج) ناوی هاتووە، خودای ڕەحمان دارێکی دروستکردبوو و دەخورا، هەرچی خواردن لە بەهەشت هەبوو هەمووی لۆ حەلال کردبوون، و پێی ڕاگەیاندن کەوا بە هەوەستی خۆتان لێیی بخۆن (وَقُلْنَا يَا آدَمُ اسْكُنْ أَنتَ وَزَوْجُكَ الْجَنَّةَ وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا)، تەنیا لەم دارە نزیك مەبنەوە، (وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ الْظَّالِمِينَ)(البقرة35)، خودای ڕەحمان پێی فەرموون لەم دارە نزیك مەبنەوە، نەك مەیخۆن! (وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ)، هەرکە لە دەورەی ئەو دارەی سوڕانەوە، لایەنی سێیەم پێیانی گوت وەرن لەم دارەی بخۆن و هەرگیز نامرن، و موڵکێکی سەمەرەتان بە دەست دێت.

## ئایا دەکرا ئادەم فێڵی لێ نەکرێت و چۆن؟

ئادەم و خێزانەکەی نەوەستان و قیرائەی بکەن، ئەگەر هاتوو تەنیا (30) چرکە ڕاوەستابووایا و قیرائەی دارەکەی بکردایا، ئەو سیفەتەی کە دارەکەی پێ وەسفکرا لەلایەن شەیتان لۆیان، ئاشکرا دەبوو کەوا دارەکە ئەم سیفەتەی تێدا نییە، ئینجا تووشی ئەو بەزمەش نەدەبوون، کەواتە قیرائەی لۆ ئادەمیش ئەو ڕۆڵەی هەبوو کە نەیکرد تووشی ئەو بارودۆخەی بوو کە بەسەری هات، وەك پێی فەرموون: (قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعاً)(طه123).

## نەتەوەکان لە ڕێگەی پێغەمبەرەکانیان ئایاتیان لۆ هات

## بەڵام هەڵنەستان قیرائەی بکەن، ئەنجامیان بەچی گەیشت؟

لەدوای ئەویش پێغەمبەر نوح(علیه السلام) هات وەك (الرسول و النبي) خودای ڕەحمان کۆمەڵێك ئایاتی مەخلوقە(آيات المخلوقة)ی پێی بەخشی، بەم ئایاتە مەخلوقانە خوداتان بناسن، کەواتە قیرائە لۆ نوحیش هاتووە، قیرائەیان دەکرد لە جێگەی خودا(جل جلاله) خودایەکیان دروست کرد، بەڵام کە بەهۆیەوە لە ناو چوون. ئینجا دواتر پێغەمبەرێکی دیکە هات بە ناوی لوط(علیەی السلام)، بە هەمان شێوە کۆمەڵێك ئایاتی مەخلوقە هەیەو بە ئوممەتەکەی خۆی فەرموو وەرن قیرائەی بکەن و بە هۆی ئەو مەخلوقانەوە خالق دەناسن، یان پەروەردگار(رب) دەناسن، ئەو کارەیان نەکرد لۆیە لەناوچوون، بەم جۆرە بە ڕیزبەندی پێغەمبەر صالح(علیەی السلام) هات، ئوممەتەکەی گوتیان ئایاتمان دوێت، هەر نەتەوەیەکیش دەرۆیشت یەکێکی دیکەی لەدوای دەهات ئەوان شارستانی و ژیاریان پێشکەوتووتر بوو، چونکە سودمەندبووبوون لە شارستانییەکەی پێش خۆیان، ئینجا نەتەوەکەی پێغەمبەر صالح(علیەی السلام) گوتیان ئیمان ناهێنین، هەڵبەت دەبێ ئایاتمان لۆ بهێنیت، وشەی ئایات وا باوە پێی دەگووترێت دەرئاسا یان پەرجوو (معجزة)، بەڵام ئێمە دەڵێین ئایات، چونکە ئەو ئایاتانە دەشێت دووبارە ببێتەوە، ئینجا پێغەمبەر نوح(علیەی السلام) ئایاتی لۆ هێنان وەك داوایان کردبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش باوەڕیان بە پێغەمبەر نوح(علیه السلام) نەهێنا، چونکە ئێشیان بە پێغەمبەر نوح(علیه السلام) نییە، بەڵکو دەبێ ئیمان بە خالقی موعجیزەکە بهێنن، کەسانێك بە هەڵە ئێمەیان حاڵی کردووە ، کە گوایا پێغەمبەرەکە موعجیزەکانی هێناوە تاکو خەڵکەکە باوەڕی پێ بکەن! بەڵام پێغەمبەرەکە پێویستی بە موعجیزە نییە، لەبەرئەوەی پێغەمبەرەکە لە جێگەی خودا قسە دەکات، و دەیەوێت خەڵکەکە خودایان بناسن، لۆیە ئایاتی هێناوە، بە درۆخستنی پێغەمبەرەکەی کێشە نییە، لەلای خودای ڕەحمان کێشەی مرۆڤایەتی بە گشتی لەگەڵ پێغەمبەرەکەی نەبووە، بەڵکو کێشە لەگەڵ پێغەمبەرەکەی دروستکراوە، چونکە دەڵێت خودایەك هەیە، لۆ زانین هەتاکو ئەو قسەیەی نەگووتبێت هیچ کێشەیەکی نەبووە، لۆیە لەم نێوەندەدا قورئان باسی دەکات و دەفەرمووێت: (قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُ لَيَحْزُنُكَ الَّذِي يَقُولُونَ فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ)(الأنعام33)، ئەمە بابەتێکی سوکو ئاسانە.

## ناسینی خودای خالق ئاسانترین و خێراترین ڕێگەو

## بێ مەسرەفترین و کەمترین کۆششی دەوێت

چونکە دەبێ ئاسانترین ڕێگە و خێراترینی بێت، هیچ مەسرەفێك و کۆششی لە مرۆڤ نەوێت، چونکە ئەگەر بڵێین خودا لە بەغدایە، ئایا هەر ئێستا دەگەمە خودا؟ نەخێر پێی ناگەم، لەبەرئەوەی دەبێ هەر کاتێك ویستم بە خودا بگەم، ئەوا بە ئاسانترین و خێراترین ڕێگە پێی بگەم، بەبێ ئەوەی هیچ کۆشش و کات خەرج بگەم، لۆیە دەبێ ئەم چوار خەسڵەتە لە ناسینی خودای ڕەحمان هەبێت، هەر خودایەك بەم چوار خەسڵەتەی ناسرا ئەوە خودایە ئەگەرنا ڕاست نییە، ئەو خودایەی

کە ئێمە دەیپەرستین بەم جۆرەیە، لۆیە جارێکیان هاوەڵان هاواریان دەکرد! ئەو لە وەڵامدا چی فەرموو: (وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ)(البقرة186)، ئەگەر بمانەوێت بچینە خزمەت خودای ڕەحمان، دەڵێت نەخێر بوەستن من دێمە لای ئێوە، ئێوە هاتوون سەردانی من بکەن، من دێمە لای ئێوە.

## ئەو ئایاتانەی کە پێغەمبەران هێناویانە بۆ بڕواهێنان بە پێغەمبەرانە

## یان بۆ ئیمانهێنانە بە خودای ڕەحمان؟

(یا ربي) ئەی پەروەردگارە دەمانەوێت بتناسین؟ لە وەڵامدا دەفەرموویت ئەو پردەی کە بە هۆیەوە دەگەن بە من بریتییە لە مەخلوقات، بەڵام پێغەمبەر نییە، چونکە ئەگەر پێغەمبەر بێت دەبوا ئێستا بمابووایا، ئەی ئێستا پێغەمبەر نەماوە ئەی چۆن خودا بناسین؟ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) نەما! بەڵام پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) فەرمووی قورئانێکم بۆ جێهێشتوون. ئەم خۆر و مانگ و ئەستێرەکان و زەوی و ئاسمان ئەمانە هەمووی قورئانن، لۆیە ئێمە بڕوامان وایە کاتێك (وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا)(الشمس1) دەخوێنین مەبەست لێی ئەو خۆرەی ئاسمانە، نەك پیتەکانی (ئەلیف و لام وشین و میم و سین)، بەڵام ئەوەی زانایان ناویان ناوە بە (موعجیزە) گوایا پێغەمبەران موعجیزەکانیان هێناوە تاکو خەڵکی باوەڕیان پێ بێنن، ئەوا بەم جۆرە نییە، پێغەمبەران(عليهم السلام) موعجیزەیان نەهێناوە بەڵکو ئایاتیان هێناوە لۆ سەلماندنی خوایەتی خودای ڕەحمان لۆ مرۆڤایەتی.

پێغەمبەران ئیمانیان بە خودای(جل جلاله) هەیە، خەڵکەکەش پێغەمبەرەکەی دەناسێ، لۆیە هیچ پێغەمبەرێك درۆزن نەبووە، هیچ پێغەمبەرێك کەموکوڕی نەبووە، واتە گشت فایلی پێغەمبەرەکەی پاك و خاوێنە و هەموو دەیناسن، کەواتە پێغەمبەر پێویستی بەوە نییە کەوا خەڵك باوەڕی بەو بهێنن، ناوودەنگی پاکە، پێغەمبەرێکمان نییە کە دزی کردبێت، مەی خواردبێتەوە، نییە کەوا نەنگییەکی ئەنجام دابێت، شتی لەم جۆرەمان نییە، لۆیە زانایان نووسیویانە کەوا (الأنبياء معصومون) واتە پێغەمبەران پارێزراون لە گوناە، ئینجا لەوانەیە هەڵەیان کردبێت، بە هەڵە داچووبن، بەڵام لە ڕەوشت (معصوم)ن، لە جێبەجێکردنی و دابەزاندنی عەقڵی خۆیان لۆ واقیع بەهەڵەداچوونیان هەیە، لەدوای نوح لوط هات پاشان صالح هات (عليهم السلام)، ئەوەبوو پێغەمبەر صالح(عليه السلام) لە کەرتە چیایێك حوشترێکی دروست کرد، وەك لە قورئان ناوی هاتووە بە: (ناقة الله)، واتا (ناقة الله = آيات الله) وشەی (آية) جێگەی (ناقة) دەگرێتەوە، ئەوەی لە مێشکی مرۆڤەکان چەسپاوە کەوا دەبێ حوشتر حوشتر بێت، نەك لە کەرتە چیا حوشترێك بەرهەمبهێنرێت، ئەمە هەمووی ئایاتە و دەبێ ئیمان بهێنن بەم خالقەی کەوا لەم کەرتە چیایە حوشترێکی خەلق کردووە.

ئینجا لەدوای ئەم پێغەمبەرە بە ڕیزبەندی بێینە خوارەوە تاکو دەگەین بە پێغەمبەر موسا(عليه السلام) کە نۆ ئایاتی هەبوو(تسع آيات)، (وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ)(الإسراء101)، (فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّلاَتٍ فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْماً مُّجْرِمِينَ)(الأعراف133)، ئینجا دوای ئەویش پێغەمبەر عیسا(عليه السلام) ئەویش ژمارەیەك ئایاتی هەبوو، وەك دەیفەرموو: (أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْراً بِإِذْنِ اللهِ وَأُبْرِئُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِـي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)(آل عمران49)، ئەوەتا لە کۆتاییەکەی دەفەرموویت: (إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)، ئەگەر دەتانەوێت ئیمان بهێنن ئەوا ئەمانە هەمووی ئایاتن و وەك پردێك بتانگەیەنێتە خودا(جل جلاله)، هەمو قورئان بەم جۆرەیە.

## ماناکانی (اقرأ) و دەرگەیەك بۆ ناسینی خالق و ئیمانهێنان

لۆیە بە پێغەمبەرمانی فەرمووە: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1) لێرە وشەی (اقْرَأْ) تەنیا ئەو مانایە ناگەیەنێت کە دەست بگریت بە پەرتووکێك و بیخوێنیتەوە! تەنیا ئەمەی تێدا نییە، چەندین مانای هەیە بەڵام ئەوەی تێدا نییە، باسی بیرکردنەوە(التفكر) یان (التدبر) (التعقل)، ژمارەیەك مانای هەیە، لە فەرهەنگەکانی زمانەوانی زمانی عەرەبی، تەنیا ئەو مانایەی تێدا نییە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ ناسراوە بە خوێندنەوەی پیتەکان!

ئیمانهێنان بە خودای تەنیا لە ڕێی مەخلوقاتەوە دەبێت، لەبەرچی تەنیا مەخلوقات؟ چونکە لە دوای مەخلوقات خالقێك هەیە، بە بێ وێکچوواندن ئەو مەخلوقاتانە وەکو پەردەیەکن هەرکە لاییبدەیت خوای دەبینیت، لۆیە پێشتر گووتومانە (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1) دەمانگەیەنێتە چی؟ دەمانگەیەنێتە (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ)(المزمل8) پاشان (وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً)(آل عمران41) ئەمە هەمووی بە ڕیزبەندییە و یەك لە دوای یەکە، بەهۆی (اقْرَأْ)ەوە خودای دەناسی.

## قیرائەکردنی مەخلوقات چۆن ئیمان بە هەموو ناوە پیرۆزەکانی خودای ڕەحمانمان لۆ بینا دەکات؟

بمانەوێت خودای بناسین لە هەموو لایەکەوە، نەك تەنیا وەك خالق، کەواتە لەنێو مەخلوقاتی هەموو ناو و کردارەکان (أسماء و أفعال)ی خودای تێدایە، لۆ نموونە دەمانەوێت داهێنانکاریی(بديع) خودای لەناو مەخلوقاتی بناسین، چۆنی (إبداع) کردووە؟ (بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ)(البقرة117) ئاسمانەکانی إبداع کردووە، ئەمانە هەمووی پێی دەگوترێت (السنن)، کە هەمووی سونەنی خەلق(سنن الخلق)ە، کەواتە ئەگەر لە نێو مەخلوقات هەموو ناوەکانمان دەرهێنا، ئەو کاتە کامە مەخلوق ببینی ئەوا ناو(أسم)ێکت دێتەوە بیر، ئەو مرۆڤانەی دەیانناسین هەر یەکێکیان ببینین ناوەکەیمان دێتەوە یاد، هەریەکێك لەوان ناوێکمان لە مێشك نوێ دەکاتەوە، بەڵام تەنیا لەگەڵ ناوەکەی مامەڵە ناکەین بەڵکو لەگەڵ کەسەکەش مامەڵە دەکەین، کەواتە ناوەکەش کاتییە لۆیە: (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ)(المزمل8) شتێکی کاتییە، ئەی چی لێ دێت؟ (وَاذْكُر رَّبَّكَ)(آل عمران41)، واتە (إسم)یش نامێنێ، بەڵکو هەموو کاتێك لەگەڵ خودایە(جل جلاله)، هەموو کاتێك کە گفتوگۆ دەکات ئەوا لەگەڵ خودایە، یان کاتێك پێدەکەنێت ئەو کاتیش هەر لەگەڵ خودایە، هەڵسانی لەگەڵ خودایە، هەردەم لەگەڵ خودا، لەگەڵ خودا، لەگەڵ خودا، ئەم لەگەڵ بوونە حاڵەتێك لە ناوەوەی مرۆڤ دەخاتە ئیشکردن، ئامێرێك هەیە خودا(جل جلاله) لۆ ئەم حاڵەتەی دروستکردووە، پێویستی بە (ذكر) ناکات، چونکە هەموو کاتێك لەگەڵ رب العالمين، تەنانەت کاتێك دەخەوێت ئەم ئامێرە هەر کار دەکات، کەسابەت دەکات، یان لەگەڵ ماڵ و منداڵیەتی یان لە وەزیفەکەیەتی، یان ئۆتۆمبێل لێ دەخوڕێت، یان لە ژوورەوە کار دەکات، ئایا مرۆڤێك بەم جۆرە بێت ئایا گوناە دەکات؟ (بەبێ وێکچواندن) وەك ئەوە وابێ قوڵی لە قوڵی هەڵکێشابێ، بەشەو لەگەڵ خودا بێ، پیاسە بکات بەڕۆژ هەر لەگەڵ خودابێت، هاتووچۆ بکات هەر لەگەڵ خودا بێت، بخەوێت هەر لەگەڵ خودا بێت، هەڵسێتەوە هەر لەگەڵ خودا بێت، ئایا کەسێکی لەم جۆرە گوناە دەکات؟ یان تەنانەت بیریشی بەلای گوناە دادەچێت؟ ئەوە تێگەیشتنی ئێمەیە ، ئەوە فەلسەفەی ئێمەیە لۆ ناسیی خودای.

پرسیارێك دەکرێت، ئەگەر ئەمە لایەنی تیۆری بێت، لە ڕووی بەکرداریکردنەوە چۆنە؟

لە ڕووی کردارییەوە ئێمە کە هەر یەکەمان سەرقاڵیی خۆمان هەیە، لەلای ئێمە ئەو (فؤاد)ەی کە بە مێشك یان دەماغ ناسراوە لەلامان، وەك زانراوە ئەو ئامێرەی دونیای پێ دەبینین چاوە، ئەگەر هاتوو ئیشمان لەسەری کرد دەبێتە فایلات دەبێت بە (بصر)، ئەو ئامێرەی دەنگی بە هۆیەوە پێ دەبیستین، گوێچکە(أذن)ە، بە ئیشکردنمان لەسەری دەبێتە (سمع)، ئینجا (سمع و بصر) فایلات دروست دەکەن لۆ (فؤاد)، لۆیە هەرکاتێك باسی (سمع و بصر) هاتبێ لە قورئان (فؤاد)یشی لەگەڵ هاتووە (إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً)(الإسراء36)، ئەو (سمع و بصر)ە کە فایل دروست دەکەن.

### ئەگەر هەوڵدرا وێنەیەکی هەڵمان بۆ دروست بکرێت چۆن مامەڵە دەکەین؟

هەر ئەمەشە گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتی، تا ئەمڕۆش هەر ئەم خاڵەیە، ئەگەر بێتوو بە هەڵە ئەم کارە ئەنجامنەدرێت کێشە دروست نابێت، هەر لە یەکەم مرۆڤ کە ئادەم بوو تا ئەمڕۆ ئەو کێشەیەی هەبووە، واتە وەرگرتنی وێنەی هەڵە، ئەوەی ناومان نا شەیتان وێنەیەکی نا ڕاستی بە ئادەم نیشان دا، چی بە ئادەم گووت؟ گووتی دارێکت پێ نیشان بدەم ئەگەر لێی بخۆیت ئەوا هەرگیز نامریت، موڵکی هەموو بەهەشتیش بەبێ بڕانەوە دەبێتە بەشت! ئایا توانی وێنە ڕاستەقینەکەی لە مێشکی ئالوگۆڕ بکات یان نا؟ ئایا بە گوێی کرد یان نا؟ ئادەم کێشەی دیکەی هەبوو، ئایا لۆ بە گوێی کرد؟ ئەو وێنەیەی کە خودا لە مێشکی ئادەمی دانابوو گۆڕا، (وَلاَ تَقْرَبَا هَـذِهِ الشَّجَرَةَ)(البقرة35)، خودای ڕەحمان پێی فەرموون کەوا تەنانەت نزیکی مەکەوە، نەك هەر لێی مەخۆ، بەڵکو پێی ڕاگەیاند کەوا لەم دارە نزیك مەبەرەوە، لێی نزیك کەوتەوە و تا کار گەیشتە ئەوەی خواردی و خۆی توش کرد و ئێمەشی توش کرد!

بەڵام ئێمە دەتوانین ڕزگارمان ببێت، ئێمە یەکسەر رادەوەستین وەکو ئادەم ناکەین، لۆیە دەفەرمووێت: (يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ)(الأعراف27) بە چی دەریهێنا؟ بەو وێنانەی کە دروستی کرد لە مێشکی ئادەم، لۆیە شتەکان بوونەتە شتی ئاسایی و سروشتی، زۆر سروشتییە کەوا باران دەبارێت و وشك دەبێتەوە و شەو دێت و دەڕوات، ڕۆژ دێت و دەڕوا، زەوی و ئاسمان و خۆر و مانگ و فلان و فلان، ئەمانە هەمووی لەلامان سروشتین، ئایا دەزانن لەبەرچی وایە؟ چونکە لێی ڕاهاتووین(الفة)تمان پێوەی گرتووە، کەواتە ئەگەر قیرائە نەکرێت، مرۆڤ لەسەر ئەم بە

ئولفەتگرتن و ڕاهاتنەی بەردەوام دەبێت، لۆیە فەرموویەتی: (إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءهُمْ ضَالِّينَ)(الصافات69) وەك دەفەرمووێت: (صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِالمَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَالضَّالِّينَ)(الفاتحة7) ئایا (ضالين) كێن؟ (إِنَّهُمْ أَلْفَوْا آبَاءهُمْ ضَالِّينَ)(الصافات69)، كەواتە ئولفەتگرتنە بە شتێك، ئێمەش ئولفەتمان بە خۆر و زەوی و ئاسمان گرتووە، ئایا دەزانن كەی ئەمەمان لۆ ئاشكرا دەبێ؟ كاتێك كە مانگ دەگیرێت، دەست دەكەین بە نوێژكردن، یان وەك نەریتێك لە كۆن دەست دەكەین بە تەنەكە كوتین، یان كەی دەزانین كەوا خۆر گرنگە؟ كاتێك كە خۆر دەگیرێت، كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر لە سەردەمی ئادەمەوە تاكو ئەمڕۆ هەمان كێشەی هەیە، ئەویش گرتنی وێنەی هەڵە، وێنەكانی بە هەڵە وەردەگرێت، لۆیە مرۆڤ عەقڵی خۆی زۆر بچوك دەكاتەوە كاتێك كە ئەو گەردوونە و خالقی ئەو گەردوونە و ڕۆزیی دەری ئەو گەردوونە هەموو ناو و كردارەكان (أسماء و أفعال)ی دەداتە پاڵ بەردێك، و دێت بەردێك دەپەرستێت! و دەڵێت ئەو بەردە خودایە! ئایا دێتە بەرچاوتان حاڵەتەكە چۆنە؟ ئەو خالیقە كە ئەو هەموو مەخلوقاتەی هەیە، بەردیش بەشێكە لە مەخلوقاتی ئەو خودایە، كەچی مرۆڤەكەش بێت و هەموو ئەمانە بەلاوە بنێت، و بڵێت ئەو بەردە خودایە! لەمەش سەمەرە تر ئەوەیە بەردەكەش بپەرستێت! دەپرسین ئایا ئەوە گیلایەتی نییە؟ یان چ ناوێكی لێبنێین؟ چی ئەمەی دروست كرد؟ شەیتانەكان، ئایا دەزانن ئێمەش ئێستا زۆر خواوەندمان هەیە! ئایا وا گومان دەبەن كەوا خەڵكی میسری كۆنی سەردەمی هەڕەمەكان بڕوایان بەم بەردەی هەبووە؟ نەخێر، ئەوەتا عەمر لە كاتی گفتووگۆ لەگەڵ نەجاشی، گووتی ئێمە ئەو بەردەی ناپەرستین، بەڵكو باوەڕمان وایە ئەو بەردە ڕۆحێكی تێدایە و ئەو ڕۆحە لە نێوان ئێمە و لە نێوان خودا ئیش دەكات، ئەوان هاوبەشدانەر و موشریكێكی ڕۆشنبیر بوون.

**ئیشی پێغەمبەران تەنیا ڕاستكردنەوەی وێنە بە هەڵەگیراوەكانی مەخلوقاتە**

**بۆ بەشەرییەت لە ڕێگەی قیرائەوە**

پرسیار: بەڵام لەبەرچی بەم شێوەیە بوو و ئەو بەردە لە مێشكیان بوو بوو بە خودا؟

وەڵام: چونكە وێنە گۆڕاوە، وێنەی نێو مێشكیان گۆڕا، ئەوەتا وێنە لە مێشكی ئەبو جەهل و ئەبو لەهەب و ئەو كەسانە گۆڕابوو، پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) دێت چی دەكات؟ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) هەڵدەستێ هەوڵی ڕاستكردنەوەی ئەو وێنانە دەدات بەڵكو وەك خۆی لێدەكاتەوە، تەنیا ئەوەندەیە ئیشی پێغەمبەركان، لەبەئەوەی پێغەمبەرەكان لەسەر مەخلوقات ئیش دەكەن، ئێمەش هەمان شت دەكەین، ئێمەش بۆ ئەو وێنانەی كە بە هەڵە لە مێشكمان دروستكراوە لە ڕێگەی ئەو مەخلوقاتانەوە وەك خۆی لێدەكەینەوە، بە مانایەكی دیكە ئایا ئێمە لەبەرچی قیرائە دەكەین؟ چونكە وێنەكان لە مێشكمان گۆڕدراوە، ئێمە دێین ڕاستی دەكەینەوە بەهۆی مەخلوقاتەوە، لۆ نموونە خەڵكێك هەیە خۆر دەپەرستێت، دەپرسین ئەی ئەو خۆرە ئایەتێك نییە لە ئایەتەكانی خودا؟ بەڵێ ئایەتێكە لە ئایەتەكانی خودای ڕەحمان، واتە ئەوەی لە مێشكی خۆمان بەستراوەتەوە بە خۆر دووبارە بەرنامەڕێژیی لۆ دەكەینەوە، ئەم بەنامەڕێژیكردنەوەیە لە مێشكمان بەهۆی چی دەیكەین؟ بە قیرائەكردن ئەنجامی دەدەین، لۆیە دامەزرێنەری قوتابخانەی (إقرأ) كێیە؟ پێغەمبەر ئیبراهیم(عليه السلام)ە، برادەرمانە لەبەرئەوەی دامەزرێنەری قوتابخانەی قیرائەیە، لۆ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) خودا فەرموویەتی: (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَداً حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ)(الممتحنة4)، لە تەواوكاری ئەم ئایەتانە دەفەرمووێت: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ)(الممتحنة6) بە ئێمەش گوتراوە: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً)(الأحزاب21)، كەواتە ئەو ڕێگەیەی كەوا ئیبراهیم(عليه السلام) خودای پێ ناسیوە بە پێغەمبەری ئێمەش دەڵێت تۆش وەكو ئیبراهیم بكە، ئێمەش بە هەمان ڕێگە خودای دەناسین، ئەمە باسەكە بوو زۆر بە كورتی.

**پرسیاری گرنگ ئەوەیە كەوا چۆن كرداری قیرائە ئەنجام دەدەین؟**

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە كەوا چۆن قیرائە دەكەین؟ گووتمان ئەم هەموو مەخلوقاتانە ئایاتن، ئەم مەخلوقانە دێنیتە بەرچاوت هەر لە خۆر و مانگ و زەوی و ئاسمان و هەواو و باران و دەریا و مرۆڤ، هەموو وێنەكەی بكێشە و دەبن بە پردێك لۆ گەیشتن بە خودا، و ناسینی الله(جل جلاله)، واتە مەخلوقاتەكان دەستمان دەگرن و دەماندەنە دەستی الله(جل جلاله)، هەریەكە لە پێغەمبەران ئیبراهیم و نوح و لوط و هود و شوعەیب و وەكو موسا و وەكو عیسا و وەكو موحەممەد(عليهم السلام و البركات) ئەمانە هەموویان مەخلوقاتیان كرۆدتە پرد لۆ گەیشتن بە خودا(جل جلاله)، بەبێ وێكچوواندن ئێمە لە دیوێكین و مەخلوقاتەكانیش پردن و كۆتاییەكەی پرد خودای ڕەحمانە، لۆ مەخلوقاتمان داناوە؟ چونكە مەخلوقات ناگۆڕێ لەسەردەمی

پێغەمبەریش هەر ئەو خۆرە بووە کە ئێستا هەیە، لەسەردەمی پێغەمبەر هەر هەمان مانگ بووە کە ئێستا هەیە، ئەگەر سەیری مانگ بکەین هەر هەمان مانگ بووە کە لەسەردەمی پێغەمبەر سەیری کردووە و هەر هەمان مانگیشە کە لە قورئان ناوی هاتووە، هەر ئەو مانگەشە پێغەمبەرمان بینیوە، پێغەمبەریشمان(علیه السلام و البرکات) بە مانگ وەسف کراوە، لەوانەیە زەوی ئێمە و زەوی حیجاز لە یەکتر دوور بن، بەڵام مانگەکە هەمان مانگە، لۆیە کە مانگ بە دەردەکەوێ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) پێی دڵشاد دەبێت، کاتی خۆی لە نێوان پێغەمبەر و لە نێوان مانگ پەیوەستێك هەبووە، لە قورئان بەم جۆرەیە (اَیُّهَاالنَّبِیُّ إِنَّاأَرْسَلْنَاكَ شَاهِداًوَمُبَشِّراً وَنَذِیراً * وَدَاعِیاً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجاً مُّنِیراً)(الأحزاب46)، (تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاء بُرُوجاً وَجَعَلَ فِیهَا سِرَاجاً وَقَمَراً مُّنِیراً)(الفرقان61) لێرە باسی مانگی (منیر) دەکات، کەواتە مانگ و پێغەمبەریشمان (منیر)ن بەڵام پێغەمبەرمان هەم (سیراج)ە و هەم (منیر)یشە وەك لە سورەتی (الأحزاب) هاتوو: (اَیُّهَاالنَّبِیُّ إِنَّاأَرْسَلْنَاكَ شَاهِداًوَمُبَشِّراً وَنَذِیراً * وَدَاعِیاً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ **وَسِرَاجاً مُّنِیراً**)(الأحزاب46)، واتە سیفەتی لە مانگ زیاترە، ڕووناکی مانگ زۆر ئارام و لەسەرخۆیە.

## شەوێك لە قیڕائەی بە کردارییانە

ئێمە دێین چی دەکەین لۆ قیڕائە؟ ئەوەی بە ڕۆژ دەیبینین دێینەوە بە شەو قیڕائەی دەکەین، لە ڕۆژەکەی وێنەی مەخلوقاتەکان دەگرین ئەویش لە ڕێگەی (سمع و البصر) و لە مێشکمان هەڵیدەگرین (خەزن)ی دەکەین، قیڕائەی لە شەو دەکەین، وا باشە کەوا لە دوای نووستن لە خەو هەڵسیتەوە، چونکە لە دوای نووستن مێشکت ڕوون(صاف) دەبێتەوە، چونکە مرۆڤ تا نەخەوێت کۆمەڵێك فایل دەکرێتەوە و لە ئێشە، کاتێك مرۆڤ خەوت هەمووی دەسڕیتەوە، کاتێك هەڵدەستیتەوە هیچ شتێك لە مێشکت نییە، ئینجا ئەوەی دەتەوێ دەیهێنیتەوە و وێنەت چاپ کردووە لە مێشکت، ئینجا وێنەی مانگ و زەوی و وێنەی ئاسمان و باران و ئەوانە هەمووی دەهێنیتەوە مێشکت، لێی دەپرسیت ئەی مانگ تۆ هی کێیت؟ وەڵامت دەداتەوە کەوا هي خودایمە(جل جلاله)، ئەی خۆر تۆ هی کێیت؟ کێ خەلقی کردوویت؟ وەڵامدەداتەوە کەوا هی خودام و هەر ئەویش خەلقی کردووم، ئینجا بەمشێوەیە ئەی زەوی تۆ هی کێیت؟ ئەی ئاو تۆ هی کێیت؟ هەموو لە وەڵامدا دەڵێن کەوا هی خودان، سەرت سوڕدەمێنێت کە خودا(جل جلاله) ئەو هەموو توانایەی هەبێ، بێننە بەرچاوتان توانای ئەو زەوییە هەمووی هی خودای ڕەحمانە، ئەم مانگە هی خودایە(جل جلاله)، ئەو خۆرەش بە هەمان شێوە، ئاویش هی خودایە(جل جلاله)، بەم هەموو توانایەوە، ئەم هەموو مرۆڤانە هی خودان، هەموویانی خەلق کردووە، ئینجا مرۆڤیش ئەو چاوەی هی خودایە، ئەو دەستانەی هی خودان(جل جلاله)، کاتێك سەیری دەست و چاوەکانی خۆمان دەکەین، دەبینین بەرلەوەی دایکمان بماننناسێت، خودای ڕەحمان ئێمەی ناسیوە، ئەگەرچی لەسکی دایکمانین بەڵام دایکەکە نەیناسیوین، ئەو نەیزانیوە کوڕم یان کچم، تەنیا خودایە خانە خانە منی دروست کردووە، دەپرسین ئەو لە دایکم زیاتر دایکایەتی نەکردووم؟ ئەو خالقمە نەك دایکم، خانە خانە نینۆکەکانمی خەلق کردووە، چاوەکانم خانە خانە خەلقی کردووە، لۆیە بڕوام وایە کە خودا ئێمە ناباتە جەهەنەم، چونکە ئەو لەگەڵ ئێمە زۆر خەریك بووە، ئەگەر بەم جۆرە خودا(جل جلاله) بناسین ئەوا زۆر مەزنە، ئینجا خودا زۆر خۆشە کە نازانم چۆنی وەسف بکەم، هاوڕێیەتیکردنی خودا زۆر خۆشە، ئەگەر بەم جۆرەی ناسیت شتەکە زۆر سەیر دەردەچێت، کاتێك دەخەوم خودا(جل جلاله) گورچیلەکانم ئیش پێ دەکات، گەدەم ئیش پێ دەکات، هەورەها دڵم ئیش پێ دەکات، کاتێکیش بە ئاگا دێمەوە ساغ و سەلامەتم، بابەتەکە زۆر سەیرە، کێ ئەوانە دەکات؟ ئێستا من لە شوێنێکم و دایکم لە شوێنێك ئاگاداری من نییە، یان منداڵەکانمان هەریەکەی لە شوێنێکن، بەڵام خودا لێرەشە و لەوێشە، ئەگەر کارەساتێك بقەومێت ئایا دایکم بەهانام دێت؟ لە هەموو کەس بە سۆز و ڕەحم تر بۆم دایکمە، بەڵام هیچی پێ ناکرێت بۆم، ئایا دەزانن من و ئێوە هی دایکمان نین، چونکە دایکمان تەنیا ئەوەی کردووە کە لە سکی هەڵیگرتووین، وەك باوەشێك، پێشتر لەناو سکی بووینە و دواتر هاتینەتە نێو باوەشی، لەبەرئەمەشە لە زمانی عەربی پێی دەگووترێت بار هەڵگر(حاملة)، وەك دەڵێن حەمباڵە و هی خۆی نییە! وەك دەفەرمووێت: (أَفَرَأَیْتُم مَّا تُمْنُونَ {58} أَأَنتُمْ تَخْلُقُونَهُ أَمْ نَحْنُ الْخَالِقُونَ(الواقعة58-59)، تەنانەت (أَفَرَأَیْتُم مَّا تُمْنُونَ)یش ئەویش هی ئێمە نییە، ئەگەر بێتە بەرچاوتان مەسەلەکە بەم شێوەیە، و خودا(جل جلاله)ش بەم جۆرەیە.

دەپرسین ئەگەر خودا(جل جلاله) بەم شێوازە ئاشنایەتی لەگەڵ دروست بکەین چەند خۆشە؟ ئینجا بەم جۆرە دەچیتە دوای هەموو مەخلوقاتەکان هەریەکە لە زەوی کە ئەویش هی خودایە(جل جلاله) و زەوی دایکی ڕاستەقینەمانە، چونکە لەوییەوە خەلق کراوین، ئەو کاتەش کە بەسەریدا هەنگاو دەنێین شەرم دامان دەگرێت، بەڵام لۆیە کەیفمان پێی دێت بەیانی دووبەیانی باوەشی دەکاتەوە و قبوڵمان دەکاتە و دەچینەوە ناو باوەشی، ئەو دایکەی هەمانە و لەماڵەوە دانیشتووە، دایکێکی ڕاستەقینە نییە، تەنیا حەمباڵێك بووەو هەڵی گرتووین، بەڵام دایکی ڕاستەقینە زەوییە، ئینجا قیڕائە بەم جۆرەیە، هەموو مەخلوقات بەم

شێوەیە قیرائە دەکەین، بە ڕۆژ وێنەی دەگرین، بە شەو کاتێك نووستین هەڵدەستینەوە فیلمەکەی دەگەڕێنینەوە، ئینجا ئەوە مانگە، ئەوە خۆرە، لێرەدا هەرچەندی دووبارەی بکەینەوە بە هەمان ڕاددە لەم مەخلوقاتانە نزیك دەبینەوە، مەخلوقات نزیکمان دەکاتەوە لە خودا[جل جلاله]، واتە ئێمە لە لایەکین و مەخلوقات پردەکەیە و لە لایەکەی دیکە خودایە[جل جلاله]، یەکسەر دەچیت دەست لەناو دەستی (رب العالمین) دەنێیت.

**خودای ڕەحمان تەنیا دوو ناوی تاکی هەیە لە قورئاندا**

**خودای ڕەحمان وەك (رحیم)ێك بە ئێمە نەناسێنراوە**

لەبەرئەمانە گوتمان دەبێ ناسینی خودا ئاسانترین ڕێگەو خێراترین ڕێگە و هیچ مەسرەفێکی تێ نەچێت و هیچ کاتی نەوێت و هیچ ماندووبوونی نەوێ، هەر لەبەرئەمەشە فرعەون بیەوێت بە چەند ساتێکی کەم وەك موسای لێ دێت، ئەمە بناغەی بیری ئێمەیە، ئینجا دەپرسم ئایا خوداناسین ئاسانە یان نا؟ هاوڕێیەتی لەگەڵ خودای ئاسانە یان نا، ئینجا برادەرایەتی لەگەڵ خودای چەند خۆشە، مامەڵەکردن لەگەڵ خودای زۆر خۆشە، ئەو خودایە زۆر مەزنە، لۆیە ئەو ناوانەی ئێمە ئیمانی پێ دێنین ئەو ناوانە نین کە لە فەرموودە هەیە، دوو ناوی تاك هەیە ئەوانیش: (الله و الرحمن)ە، (قُلِ ادْعُواْ اللّهَ أَوِ ادْعُواْ الرَّحْمَنَ أَيّاً مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى)(الإسراء110) ئەوەی دەمێنێتەوە ناوەکانی دیکە (إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)(البقرة173) (الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)(فاطر2)ە، واتە خودای ڕەحمان ناوی تاکی نییە، دەزانن لەبەرچییە؟ چونکە زمانی عەرەبی توانستی ئەوەی نییە کەوا بە یەك ناو وەسفی خودای بکات، تەنیا (الله و الرحمن) خودای پێ وەسفکراوە! ئەوەی دەمێنێتەوە لە ناوەکانی دیکەی الله[جل جلاله] هەردەم بە دوو ناو(أسم) هاتووە، هەریەکێك لە ئێمە لە مێشکی خۆی شتێکی لەلا جوانە، لۆ نموونە گوڵ، گوڵ شتێکی جوانە، ئەگەر بێتوو جوانی هەموو گوڵەکانی دونیا کۆ بکەینەوە لە یەك گوڵ، ئایا ئەو گوڵە چەند جوان دەبێت؟ و چ گوڵێکی لێ دەردەچێت؟ یان ئەگەر شێر وەرگرین کە بە ددانەکانی ئاژەڵان دەخوات، بە هەمان ئەو ددانانەشی بێچووەکەی خۆی هەڵدەگرێ، و بێچووەکەی خۆی لە شوێنێك دەگوازێتەوە شوێنێکی دیکە، بێگومان لە ڕێگەی کەلبەکانی هەڵیدەگرێت و دەیگوازێتەوە، بە برێکی سنوردار لە پاڵەپەستۆ لەسەر پێستە و گۆشتی بێچووەکەی، تاکو بێچووەکەی هەست بە ئازار نەکات، و دایکە شێرەکە دەست ناکات بە هاوار و نەڕەنەڕ، ئەمەیە ڕەحمەت و دلۆڤانی، کە بە هەستی دایکایەتی وا دەکات، ئینجا ئەگەر بێتو ئەوەی هەموو کۆبکەینەوە، جا چەند مرۆڤ هەیە هەر لە دایکە حەواوە تا کۆتا مرۆڤ، ئینجا ماسییەکان ڕەحمەتی ئەوانیش و بە گشتیانەوە، تەنانەت دار خورما ڕەحم بەو براله(فسيلة)یەی دەکات کە لە ژێر دارخورمایەکەی دەروێت، ئینجا لە یەکەم دارخورمایەوە کۆی بکەرەوە تا کۆتا دارخورما، هەموو ئەم ڕەحمانە، ئینجا دار پرتەقاڵیش بە هەمان شێوە، هەموو ئەو شتانەی کە ڕەحمیان هەیە، هەمووی ئەم ڕەحمانەی باسمان کرد کۆی بکەیتەوە ئینجا ئەوە یەك بەشی ڕەحمی خودایە کە بوونەوەرەکان و هەرچی هەیە بەم ڕەحمەیان دەجووڵێنەوە، ئاژەڵە دڕندەکانیش بەم ڕەحمەیە بێچووەکانی خۆیان بەخێو دەکەن، لێرەدا دەپرسین ئایا جێی ئەوە نییە کەوا خوامان خۆش بووێت؟ ئینجا چەند خۆشە لەگەڵ ئەو خوایەی ببیتە هاوڕێ، لۆ نموونە من لە گەڕەکمان موختاریکی لێیە دەیناسم ئەمە دڵشادم دەکات، بێگومان موختارەکەش گەورەیەکی هەیە ئینجا ئەگەر گەورەی موختارەکەم ناسی زیاتر شادمان دەبم، یان لەم گەڕەکە ئەفسەرێك هەیە و دەیناسم، ئەمەش جێگەی شادییە، ئەگەر پارێزگاری شار بناسم، ئەوا زیاتر شادمان دەبم، بەڵام ئەگەر سەرۆکی وڵات بناسم ئەوا زۆر زیاتر کەیفم دێت و شادومانتر دەبم، ئینجا ئەگەر لەگەڵی دانیشتم و یەکترمان ناسی و نانم لەگەڵی خوارد ئەوا شادومانییەکەم جۆرێکی تر دەبێت، ئەی ئەگەر سەرۆکی زلهێزترین وڵات هاوڕێم بێت و لەگەڵ ئەو دانیشم و نان بخۆم چی؟ بەڵام ئەی ئەگەر خودای ڕەحمانم ناسی و لە خزمەت خودای دانیشتم و نانم خوارد! ئەو بیرکردنەوانە هەمووی قیرائەیە، قیرائەکردن زەحمەت نییە.

**وشەی (نِعْمَة) و (نَعْمَة)مان هەیە هەریەکە مانای خۆی هەیە**

ئەگەر بکرایا قیرائە حەبێك بوایا دروستکردنی ئاسن بوو، بەڵام تێبینیم کردووە کەوا ئادەم ئازار و ناڵەی بینیوە و نوح ئازاری چەشتووە و لوط ئازاری چەشتووە و شوعەیب و صالح و هەموویان(علیهم السلام) ئازاریان بینیوە و ماندووبوون، تەنانەت پێغەمبەری ئێمە شەوو ڕۆژ قیرائەی کردووە، بڕوام وایە ئەگەر قیرائەی نەکردبایا ئەوا پێغەمبەرمان تووشی حاڵێکی تر دەبوو، بە قیرائەکردن وەڵامی وەرگرتووە، بەهۆی قیرائەوە دەروونی خۆی ئارامکردۆتەوە، لۆیە فەرمانی پێ دەکات: (مَا أَنتَ بِنِعْمَةِ رَبِّكَ بِمَجْنُونٍ)(القلم2)، ئایا (نِعْمَةِ) مانای چییە؟ چونکە ئێمە وشەی (نِعْمَة) و (نَعْمَة)مان هەیە یەکێکیان بە (الکسرة) و ئەویتریان بە (الفتحة)، (اهدِنَـــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ{6} صِرَاطَ الَّذِينَ **أَنعَمتَ** عَلَيهِمْ)(الفاتحة6-7)

(وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَالرَّسُولَ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الَّذِينَ **أَنْعَمَ** اللّهُ عَلَيْهِم مِّنَ النَّبِيِّينَ وَالصِّدِّيقِينَ وَالشُّهَدَاء وَالصَّالِحِينَ)(النساء69) ئەمە ئەو نیعەمەیە، ئەی وشەی (نَعْمَة) بە فەتحە (وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ)(الدخان27) پادشایان و گەورەکان ئەو دۆخەی تێیدان پێی دەڵێن (نَعْمَة) (كَمْ تَرَكُوا مِن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ{25} وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ{26} وَنَعْمَةٍ كَانُوا فِيهَا فَاكِهِينَ{27} كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْماً آخَرِينَ{28})(الدخان25-28) یەکسەر دەگۆڕێن (وَبَدَّلْنَاهُم)(سبأ16) (كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا قَوْماً آخَرِينَ)(الدخان28) ئینجا کاتێك ئاشنایەتی لەگەڵ خودای ڕحمان پەیداکرد ئەوا من لێی دەچمە دەرەوە.

ئەو بەڕێزە پرسیاری کردووە کەوا گوتمان مرۆڤ بە چاو سەیری مەخلوقات دەکات و ئاڵوگۆڕ دەبێت لۆ (البصر)، بەڵام لە قورئان (سمع) لە پێش (بصر) هاتووە لەبەرچی؟ ڕاستە مرۆڤ کە یەکەم جار دێت و ئیش دەکات، (سمع)ی دەست بە ئیش دەکات، یەکەم جاریش بە دەنگەکان دەست پێ دەکات بەڵام من لۆتانم ئاسانکردووە و واتە قۆناغی (سمع)مان جێهێشت لۆ قۆناغی (بصر) لەبەرچی؟ چونکە ئەمڕۆ زۆربەی مرۆڤایەتی ئیش لەسەر چاوەکانی کراوە، لۆیە من ڕێگەکەم کورتکردۆتەوە.

دەربارەی پرسیارێکی دیکە لەسەر ڕەحمەتی خودا، خودای ڕەحمان باسی کۆمەڵێك ناوی پیرۆزی خۆی کردووە، بەڵام من بە تایبەتی باسی چەمکی ڕەحمەتی خودام کرد، چونکە وایان لە مێشکی ئێمە داناوە کەوا خودا هەرچییەك بکەیت ئەوا چاوەکانت کوێر دەکات و دەتسوتێنێت و دەتهاوێتە نێو جەهەنەم**!** کەچی بابەتەکە بەم جۆرەش نییە و بوختانە و بە خودا(جل جلاله)ی دەکرێت، (سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ)(النور16)، دەپرسین ئەگەر خودا ڕەحمی نەبێت و ڕەحمەتی لەناو مەخلوقات نەبێت چۆن دەیسەلمێنین کە خودا بەڕەحمە؟ ئینجا خودای ڕەحمان کاری بە ئێمە نییە بەڵکو ئێمە ئیشمان بە خودایە(جل جلاله)، واتە مرۆڤایەتی هەمووی لە سوژدەبردن بێت یان هەموو مرۆڤایەتی بەیەکەو بڵێن خودا نییە(پەنا بەخوا) ئەوا یەك شت لە موڵکی خودای ڕەحمان نە زیاد دەکات و نە کەم، هەندێ تێڕوانین لە مێشکمان دانراوە و هی خۆمان نییە، خەڵکی دیکە لۆیان داناوین، کە دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو وزانەی هەمانە فەرامۆشی بکەین، نەتوانین هەنگاوێك بچینە پێش، لۆیە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ خودای ڕەحمان نیعمەتێکە ئەو کەسە نرخی دەزانێت کە بە کردەیی تێیدا دەژیێت، ئێستا کە باسی قیڕائە بوو بە کرداریی ئەنجامدرا، ئێستاش لەسەر کەسەکان دەمێنێتەوە، هیممەت بکەن و ئیشی لەسەربکەن، پێداچوونەوەیەك دەکەم لۆ مەخلوقییەتی وخەلقکرانی من، ئینجا خراپییەکانی خۆم بزانم لۆ نموونە خراپییەکان چیم هەیە چیم نییە؟ قیڕائەکردنی ڕەوشتەکانی(الخُلُق) خۆم دەکەم، تۆش قیڕائەی خولوقی خۆت دەکەیت، ئینجا گرنگ نییە دووان یان سێ دانە خولوقت تێدایە یان هەرچەندێکت هەبێ، واتە هەموو مرۆڤێك شتێکی تێدایە لەم خولوقانە.

ئێمە هەرچی مەخلوقات هەیە بە نەرێنی و خراپ دەیبینین، وەك ئەوەی کە خوای نەبێت**!** ئەمە پەیوەندی بە هەندێ هەڵەوە هەیە دەگەڕێتەوە لۆ خودی مرۆڤەکە، (إنسان) مامەڵەی ئەرێنی و باشی لەگەڵ ئەو مەخلوقەی نەکردووە، لۆ نموونە خودای ڕەحمان لە زمانی پێغەمبەر(علیەالسلام و البرکات) فەرموویەتی کە وا باشە کچی مام و کوڕی مام و کچە پور و کوڕە پور ئەمانە هاوسەرگیری لەگەڵ یەکترا نەکەن، لەبەرئەوەی بۆهێلەکانیان لەیەکتر نزیکە، خەڵکێك هەن ئەم جۆرە خزمایەتییەیان هەیە و هاوسەرگیرییان کردووە، ئەگەرچی دکتۆرن و زانیاریشیان هەیە، لە ئەنجامدا بوونەتە خاوەنی دوو منداڵ، بەڵام منداڵەکانیان خاوەن پێداویستی تایبەتین**!** هەردووکیان موسڵمانن و زانیارییان هەیە، بەڵام ئەم هەڵەیان کردووە، ئەنجامی هەڵەکەیان لە منالەکەیان دەردەچێت و دەبێ نرخی هەڵەکەیان دابنێن.

پرسیار: ئایا ئەو بەهەشتەی کە ئادەم(علیە السلام) تێیدابوو بە هۆی گوناهەکەی ئەنجامیدا نەما؟

وەڵام: دەیەها ئایەت هەیە کە دەریدەخات کە کردەییانە گوناهـ کاریگەری لەسەر مەخلوقات هەیە، لە قورئان ئایەتی لەم جۆرە زۆرە، نەتەوەکانی پێشوو بە چی ڕۆیشتن؟ لۆ لە سەردەمی لوط(علیە السلام) بەردیان بەسەردا باری؟ (فَجَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِمْ حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ)(الحجر74) لەبەرچی؟ لۆ لە بابەتی نوح(علیە السلام) هەموو نقوم بووم بە چاکیان یان بە خراپەیان، کەواتە پەیوەندییەکی ڕیشەیی و ڕاستەقینە هەیە لەنێوان کرداری مرۆڤ چاك یان خراپ و لەگەڵ مرۆڤەکان، چەند (إنسان) صالح بوو ئەوا پەیوەندی لەگەڵ مەخلوقەکەی ئەرێنی دەبێت، بە کارلەیەککردنێکی کردارییی وڕاستەقینەی برایانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەگەر ئیمان نەبوو وەکو دوژمن مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئێستا ڕۆژئاوا لەگەڵ مەخلوقات لە بەریەککەوتنە، هێدی هێدی دەیانەوێ بیگۆڕن یەك لەوانە کە بیبس بووبە پارتی سەوز، لە زۆربەی وڵاتان دەسەڵاتدارە، ئەوە گەڕانەوەیە لۆ سروشت، ڕێزگرتنی سروشت یەکێکە لەو پرەنسیپانەی کە هەیانە، نابێت ماددەی کیمیایی

لۆ زەوی بەکاربێ لۆ؟ چونکە زیان بە زەوییەکە دەگەیەنێت، پاشانیش زیانەکەی دەگەیەنێتە مرۆڤ، واتە کاریگەرییەکەی لەسەر خۆمان دروست دەبێتەوە.

پ- ئایا کاتی قیڕائەکردن چەندە؟

و- بە خواستی خۆتە مرۆڤ هەیە خولەکێکی بەسە.